# ڕێزگرتن لە 8ی مارس ڕۆژ جهانی ژن لە هۆلەند!



لە سەر بانگەوازی تەشکیلاتی هولەندی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران ڕۆژی یەك شەممە 12 مانگی مارس ساڵی 2006 لە ڕۆتردام مەراسمێکی گەرموگوڕ بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی ژنەوە بە بەشداری ژنانوو پیاوانی ئازادیخوازو شۆڕشگێر و بەرابەری تەڵەب بەڕێوە چوو لەم مەراسمەدا کە زیاتر لە 150 کەس بەشدارییان تێدا کردبوو، سەرەتا هاوڕێ مۆژگان بەخێرهاتن کردنی بەشداربووانی مەراسمەکە، پرۆگرامی ئاهەنگی ڕۆژی جیهانی ژنی پێشکە ش کرد.

پاشان هاوڕێ ئەدیبە لە لایان تە شکیلاتی هۆلەندی کۆمەڵەوە وتارێکی پێشکەشی بە شداربووان کرد.هە روە ها پە یامی پیرۆز بایی حیزبوو ڕێکخراوە سیاسیەکان لەوانە یەکیتی نیشتیمانی کۆردستان،یەکیتی ئافرەتانی کوردستان، ڕێکخراوی لاوانی کۆمەڵە لە هۆلەند،هەروها وتارێك لە لایەن هاوڕێ مۆستەفا بەهمەنی پێشکەش کرا.

بە شی دۆمی پرۆگرامی 8ی مارس لە هۆلەند ئاهە نگوو هەڵپەرکێ بە بەشداری هۆنەرمەندان خاخان و سیروس ئیمامی تا درەنگان درێژەی هەبوو.

## تەشکیلاتی هۆلەندی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کۆردستانی ئێران
















